www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:40 4-7-2007

**خەتا خرە بەسەری کەسەوە ناوەستێت ... عومەر عەبدول:**

ناوی هەڵەبجەو کێشەو گرفتی هەڵەبجەییەکان زیاتر لە هەرشوێنێکی تری کوردستان لە میدیاکاندا بڵاوەو باس و خواسی لی دەکرێت، ئەویش بەزۆری دیارە پەیوەندی بە کارەساتی کیمیابارانی ئەو شارەوە هەیە لە ساڵی (1988) لە لایەن ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوەوە.



ئەگەر بەوردی ئەو بارودۆخە هەڵسەنگێنین بۆمان ڕون دەبێتەوە کە باکگراوندی پشت ئەو باس و گازندەو ناڕەزاییانە هەر چۆنێك بوبن و لەلایەن هەر کەس و لەیەنێکەوە بوبێت تا بە ئێستا زمانێکی زۆر لاواز بوەو سەرئێشەیەکی زۆری بۆ خەڵکی شارەکە دروست کردوە لە نەگبەتیەکی بەردەوامدا ڕایگرتون، وە کۆی هەوڵەکان لەو بوارەدا نەك هەر سارێژی برینی هەڵەبجەییەکانی نەکردوە، بەڵکو زەمینە ساز بون بۆ شەرمەزار کردنی خەڵکەکەی بە جۆرێك کەهەر ناوی هەڵەبجەت بەر گوی کەوی یەکسەر داواکردنی خزمەت گوزاری وقەرەبو کردنەوە و دەست پان کردنەوەو سواڵت دێتەوە یاد، بی گومان لەم نێوەندەشدا خەتاکە دەکەوێتە ئەستۆی زیاتر لە لاو لایەنێك کە بە شێوەی جیاواز ئامانجی تێدا دەپێکن.

ئەوەی کە مایەی نیگەرانیە بۆ هەڵەبجەییەکان وون بونی نیاز پاکی دۆستایەتی ڕاستەقینەیە لەسەر هەمو ئاستەکان، کە لێرەدا دەست نیشانی هەندی لەو فاکتەرانە دەکەین کە لە پیشان دانی ئەم وێنە دزێوەدا ڕۆڵیان هەیە.

- خەتایەك کە بە بەردەوامی هەڵەبجەییەکان دوبارەی دەکەنەوە گەڕانەوەیە بۆ مێژوی ئەم شارە، دیارە سەروەریەکانی ناو مێژو لەهەر لەحزەیەکدا وابەستەیە بەزەمەنێکی دیار یکراو تایبەتەوە کەتەواوی شانازیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کارەکتەرە کانی ئەوزەمەنەو پشکی شێریان لەو مێژوەدا هەیە بەسەروەری و کەمو کوڕیەکانیشیەوە، ئیتر گەڕانەوە بۆهەر لەحزەیەکی ئەم مێژوە پێوستە گواستنەوەی پیرۆزی وسەروەریەکان نەبێت بۆ ئێستا، دەکاری وەك حەقیقەتێکی مێژویی باس بکرێت و نەوەکانی لی ئاگادار بکرێتەوە. نەك ئەو سەروەریانە بەچەندین جۆری جیاواز بفرۆشرێنەوەو هەر کەسەو بەجۆرێك بازاڕی خۆیی پی گەرم کات، بەواتایەکی تر گەورەیی ئەوان هی خۆیانەو بچوکی ئێمەش هی خۆمانە ئەگەر ئەوان پێشتر گەورە بوبێتن و ئێمەش ئێستا بچوك.

- خەتایەکی تر بازاڕ گەرم کردنی هەمو لایەکمانە بە کارەساتی هەڵەبجەوە بۆ مەبەست و مەرامی جۆراو جۆرو جیاواز کە ئەو مەبەستانە زۆرێکیان شەخسی وسیاسی و مەزاجین و زەرەرمەندی سەرەکیش لەم نێوەندەدا خەڵکی هەڵەبجەیە.

- لاوازی بەڕێوەچونی سیستمی ئیداری یەکێکی دیکەیە لە دەردە کوشندەو خەتا دیارەکان کە زمانی ئەم دەزگایە لە ڕوی ئەدای ئیداریەوە نەیتوانیوە تەنانەت خواستەکانی خۆشی جێبەجێ بکات چجای خواستە سەرەکیەکانی هاوڵاتیان، ئەویش بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵی بزوێنەری ناو ئەم دەزگایە کە بەداخەوە لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بوەو هەیە.

- کاریگەری بڕیاری حیزب بەسەر دام و دەزگاکانەوە کە ئەم حاڵەتە ئەگەر تەواوی ناوچەکانی هەرێمی گرتیبێتەوە، ئەوا لەهەڵەبجەدا زەق تر لە شوێنەکانی تری کوردستان هەستی پێ دەکرێت.

- هەژاری و دەست کورتی خەڵکی ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی زۆر نارەوا قۆستراوەتەوە بۆ بەرژەوەندی جیاوازی خەڵکی جیاواز، چونکە کەسی لاوازو هەژار هەمیشە زمانی داواکردن و ڕازی بون

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکەم دەزانی وجۆرێك لە پەرتەوازەیی کۆمەلایەتی دروست دەکات کە خەڵکی هەلپەرست چۆنی بوی گەمەکانی خۆیی دەکات و ئامانجەکانی دەپێکێت، دیارە ئەم حاڵەتەش لەگەڵ ساڵەکانی پێش کیمیابارانی هەڵەبجە تەبا نیەو لەگەڵ مێژوی نەفس بەرزیو شەهامەتی خەڵکەکەیدا یەك ناگرێتەوە.

- مەسەلەی بەرژەوەندی تایبەت و دەست گرتن بە کڵاوە شڕەکەوە خەتایەکی ترەو خەڵکی شارەکە بە دەرەجەی یەك لێی بەرپرسیارن، چونکە کەسی بەرژەوەندی خاز هەمیشە بەدوای تێر کردنی خواستەکانیوەیەتی و بۆ ئەو مەبەستە پێشێلی هەمو نۆرمە ئەخلاقیەکان دەکات کە بەژەوەندی گشتی دەپارێزن، کە بەڕای بەندە ئەمە جۆرێکی ترسناکی تیرۆرایزە کردنی کەسێتیە لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵیش. وە زۆر جار ئەم ڕەهەندە لە لایەن دەڵاتیشەوە دیسان پەیڕەو دەکرێت بە خڕ کردنەوەی کۆمەلی خەڵکی بەرژەوەندی خوازی تایبەت لەدەوری خۆی و ڕازی کردنیان لە پێناو دەم کوت کردنی زۆرینەدا و لە پێناو پاراستنی گەندەڵی وکەم و کوڕیەکاندا. بە پێدانی هەندی ئیمتیازی بچوك کە ئەمە پێچەوانەی مافەکانی تاك و ئازادیە گشتیەکانی کۆمەڵگایە.

- لە سەرو هەمو ئەمانەوە بە داخەوە تا ئێستا لە کوردستانا چەندین هەوڵی چاکسازیو پاك سازی دراوە و هیچی بە هیچ نەکردوە، وە دەزگایەکی چاودێری کارامان نیە کە بە سیستمێکی نوی و عادیلانە سڵ لە هیچ نەکاتەوەو لێپێچینەوەلە هەمو کایەکاندا بکات، هەمو ئەمانە ئەگەر خەتا بن و لەو هەلەمەرجە ناسازگارەی هەڵەبجەدا ڕۆڵ بگێڕن ئەوا بە تەنها کەس و لایەك ناگرێتەوە زۆرێکمان بەشدارین تێیدا بە پێی قەوارەو حەجمی خۆمان، بەڵام دڵنێم دەسەڵات بە دەرەجەی یەك ئەو خەتایە دەیگرێتەوە وبەرپرسە لە تێکچونی باری سایکۆلۆژی دانیشتوانی ئەم دەڤەرەو لەبەرامبەر مێژوشدا گوناهباری یەکەمە، چونکە ئەوەی هەڵەبجەییەکان داوای دەکەن و دە ساڵە جێبەجێ ناکرێت قیرتاو کردنی جادەو، دروست کردنی پارك و هەڵمەتی پاك کردنەوەی شارو بەدواداچونی بریندارانی بەرکەوتەی کیمیاویەولەم شتە بچوکانە کە جۆری داواکردنی ئەم شتانە ئێستا وەك نوکتەیەکی عەجایەبی لی هاتوە پەرپرسەکان هەر یەر یەکەو بەجۆری پێی پێ دەکەنن.

- دەرەنجامی ئەم هەمو خەتایانەش جگە لە بی باکی و تورەیی هیچی تر دروست ناکات کە خۆمان بینیمان لە دەرچونی بڕیاری لەسێدارە دانی تاوانبارێکی وەك (عەلی کیمیاویدا) تەنانەت لە هەڵەبجە یەك چەپڵەش لی نادری، کە بە بڕوای بەندە ئەمە مەسیجێکی خەتەرەو پێویستە هەمومان لە دەرەنجامە ترسناکەکانی وریا بین،

Umarabdul_ 2006@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.